

## بەختیار عەلی

# "دیکتاتۆرییەت ئەو سیستمەیە فێری سوپاسکردنی دەسەڵاتمان دەکات عەقلییەتی سوپاسکردنی دەسەڵات بەرەو بەربەریەت و کرنوش بردمان دەبات"

دیداری یاسین عومەر و هێمن باقر

**● خوێنەرانی ئەزیزی لڤین؛ ئەمە بەشی یەکەمە لە چاوپێکەوتنێکی درێژ لەگەڵ رۆشنبیرو رۆماننووس‌و شاعیری گەورەمان بەختیار عەلی. هەر بابەتێك؛ لەهەر کاتێکدا بتەوێت لەگەڵ بەختیار عەلی-یدا بیخەیتە بەر نەشتەری وتوێژو لێکدانەوەوە چێژێکی تایبەتیی هەیە، ئەو لەگەڵ ئەوەی زماناس‌و زمانشیرینێکی بێهاوتایەو هەمیشە رەهەندە فکرییەکانی نووسینی تێکەڵ بە زمانێکی شیعری بەرزدەکات، هەر وەستانێکیش لەسەر ئەم رەهەندەی نووسینی ئەو؛ فەیلەسووف‌و شاعیرو دیوانەی مەزن "نیچە"ی ئەڵمانییمان بەبیردا دێنێت. لەسەروو ئەمەشەوە، بەختیار عەلی لەهەر بابەتێك بدوێت ئەوەندە رەهەندی شاراوەی دەخاتەڕوو هیچ لەبەردەمتدا نامێنێت سەرسوڕمان نەبێت. لەم گفتوگۆیەدا لەسەر گەنج‌و پێگەی گەنج‌و دونیابینی گەنج‌و زۆر بابەتی تری پەیوەست بە گەنجەوە قسەدەکەین، هەر بەشێك جودایە لەبەشی دواى خۆی؛ هەرئەمەشە وامانلێدەکات هەر بەشە بە سەربەخۆیی چێژێکی تایبەتیمان پێببەخشێت.**

**لڤین: لەمڕۆی کوردستاندا پێگەی گەنج لە کۆمەڵگەی کوردییدا لەڕووی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و رۆشنبریی‌و ئابوورییەوە لەکوێدایە؟**

**بەختیار عەلی:** دیارە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی بەرێزتان دەشێت زۆر درێژ بکەوێتەوە، بەڵام من لە ڕوانگەیەکی سادەترەوە وەڵامدەدەمەوە. لای من روانگەیەکی سادە هەیە بۆ هەڵسانگاندنی رەفتاری ئادەمیزادەکان. ئایا مرۆڤ تێڕوانینێکی تەواوی بۆ مافی خۆی هەیە، یاخود نا؟ ئایا مرۆڤ دوای مافی خۆی دەکەوێت، یاخود نا؟ ئەم دوو پرسیارە جەوهەریین بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ. لە کۆمەڵگای ئێمەدا زوهدێکی دینیی ناشیرین دەرهەق بە مەسەلەی ماف دروستبووە، مرۆڤەکان بەجۆرێکی بێمانا دەستبەرداری مافەکانی خۆیان دەبن، بووە بە فەزیلەت مرۆڤ داوای مافی خۆی نەکات. حیزبە کوردییەکان رۆڵێکی زۆر ترسناك لەوەدا دەبینن مافی خەڵك‌و مافی گەنجان‌و مافی کۆی توێژو تاقمە کۆمەڵایەتییەکان وەك کۆمەڵێك خێرو چاکە تەماشابکەن کە لە کەرەمی ئەوانەوە دەردەچێت. ئەمە بووە بە کلیلی کۆنترۆڵکردن‌و نامۆکردنی مرۆڤ. کێشەی گەنج ئەوەیە تائێستا نازانێت مافەکانی چیین، لێرەوە سیاسییەکان بەجۆرێکی ترسناك ئەم دەلاقەیە بەکاردەهێنن، بۆ ئەوەی کەمەکێك مافیان بە نرخێکی باڵا پێبفرۆشنەوە، حیزبی کوردی جگە لە دوکاندارێکی پیرو نەخۆش هیچی تر نییە کە لەسەر کانییەك دانیشتووەو جارجار کەمە هەقێکی زەوتکراوی خەڵك بە قەترە دەدات‌و دواتر دەیکاتە هەڵاو وەك دەستکەوت‌و مەزنەکار دەیفرۆشێتەوە، ئەوەی لەم گەمەیەدا خزمەت بە حیزب دەکات، ئەو دەزگا تاریك خوڵقێنانەی راگەیاندنن کە رۆڵێکی گەورە لە شێواندنی چەمکی مافدا دەبینن. حیزب کە ئێستا کەرەستەیەکی ملکەچ‌و زەلیلی چینێکی ئەرستۆکراتەو تەماحی لە کۆنترۆڵکردنێکی تۆتالیتاری دونیای ئێمەیە، دەتوانێت ئەم گەمەیە زۆر نامرۆڤانەو ناشیرینانە ببات بەرێوە ئەم گەمەیە یەکێکە لە ترسناکترین گەمەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێمە. گەنجان بە پلەی یەکەم قوربانی ئەم یارییەن. ئێستاکێ من توێژێکی کۆمەڵایەتیی نابینم لیستێکی ئاشکرای بۆ داواکانی خۆی هەبێت، گەنجانیش لەو جۆرەن. گەنجی ئێمە زاهیدانە وازی لە مافەکانی خۆی هێناوە، وشەی ماف وەك وشەگەلێکی سەرەکی ناو سیستمی کۆمەڵایەتیی‌و ناو هەر پرۆسەیەکی تازەکردنەوە سڕدراوەتەوەو قسەی لەسەر نییە، ئەوە مایەی سەرسامی منە. ئەوەتا

بێدەنگی دونیای ئێمەی کوشتووە، خەڵکی ئازادییان بە سەلامەتیی گۆڕیوەتەوە. لە کۆمەڵگایەکدا حیزب بتوانێت یاری بە چەمكو مانای ماف بکات، واتە دەتوانێت یاری بە هەموو توێژو چینە کۆمەڵایەتییەکان بکات. پرسیارەکە ئەوە نییە ئاخۆ گەنج لە سیاسەتدا بەشدارە یان نا، ئەمە پرسیارێکی بێمانایە، ئێجگار بێمانایە، ببوورە گەر بڵێم ئەمجۆرە پرسیارانەو بەمشێوەیە نیشانەی ئەوەیە دەسەڵات تا چەند چۆتە ناومانەوە. پرسیارەکە ئەوە نییە کە گەنج چالاکی کۆمەڵایەتیی هەیە یان نا، چالاکی رۆشنبیریی‌و ئابووریی هەیە یان نا... گەر ئەمە پرسیارەکە بێت‌و تەنیا بەمجۆرە بکرێت، دەسەڵات ئاسان بە دەورییدا پێچدەکاتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ روانگەیەکی تەواومان بۆ مافی گەنج هەیە؟ هەڵبەت گەنج هەن لە سیاسەت‌و رۆشنبیریی‌و ئابوورییدا ئیشدەکەن، بەڵام پرسیارەکە بە بۆچوونی من ئەوەیە «گەنج؛ چ جۆرە روانگەیەکی تر بۆ کێشەی ئازادی‌و ماف لەم کۆمەڵگایەدا دادەڕێژێت‌و ئەم روانگەیە تا چ رادەیەك لەگەڵ روانگەی ئێستادا جیاوازە؟». مرۆڤی ئێمە دەرهەق بە ئازادییەکانی خۆی‌و مافەکانی خۆی تووشی شەوکوێرییەکی گەورە بووە. بۆئەوەی گەنج پێگەی هەبێت دەبێت سووك‌و سادە روانگەیەکی تری بۆ ئازادی‌و ماف پێبێت، وە شێوازی داواکردنی ئەو مافانەش بدۆزێتەوە. لە دەرەوەی ئەمە هیچ جۆرە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی نە بۆ گەنج‌و نە بۆ پیرو نە بۆ ژن‌و نە بۆ پیاو نییە. لە کۆمەڵگای کوردی ئێستادا مرۆڤی کورد بوونەوەرێکی رووتکراوەیە لە ماف، مەخلووقێکی هەڵواسراوە لەبەردەم رەحمەت‌و مەکرەمەتی ئەرستۆکراتییەتێکی بێڕەحم‌و مرۆڤ نەناسدا. هەرکات مرۆڤ رۆڵی نەبوو لە دەستنیشانکردنی مافە بنەڕەتییەکانی خۆیدا، حیزب دەتوانێت سادەترین مافی خۆی وەك چەکێکی کوشندە دژی بەکاربهێنێت. ئێستا حیزب‌و ئەم ئەرستۆکراتییەتە ترسناکەی ئەمرۆ حکومڕانن مافی خۆت وەك چەك دژی خۆت بەکاردەهێنن. دەبێت مرۆڤەکان بزانن مافیان چییەو چۆن داوایدەکەن، ئیشی رۆشنبیرانە لەسەر لەدایکبوون‌و سەرهەڵدانی مرۆڤێك ئیشبکەن کە بزانێت مافی چییەو چۆن شەڕی بۆ دەکات. ئێستا گەر خەڵك ئاوی خواردنەوەیان هەبێت، وا دەزانن شتێکی گەورەیان دەستکەوتووە، گەر موچەکەیان بەشی ئەوە بکات پێڵاوی لێبکڕن بۆ منداڵەکانیان، یان نانی لێبخۆنن ئەمەیان وەك موعجیزەیەك‌و فەزڵێکی گەورە پێدەفرۆشرێتەوە، خەڵکانێکی زۆر بێچارە ئەمە لەسەر حسابی بێدەنگی لە مافەکانی تر دەستەبەردەکەن. لەمڕووەوە ئەم نوخبەیەی کوردستان دەبات بەڕێوە لە سەرمایەدارەکانی سەدەی حەڤدەو هەژدەی ئەورووپا رووگرژترو دەستزبرترن.

لەدایکبوونی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی خاوەن ماف، ئەوەیە بەربەرییەت لە ژیانی کۆمەڵایەتیی جیادەکاتەوە. دەبێت لەو بەڵگەنەویستە سەرەتاییە تێبگەین کە مرۆڤ بوونەوەرێکە مافی پێنادرێت، بەڵکو مافی هەیە، ماف بەشێکی گرنگ‌و جەوهەری بوونێتی، بەڵام ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەم قۆناغە، حیزب‌و کاربەدەستانی دەتوانن وێنەی کۆمەڵگایەك بکێشن کە تیایدا ئینسانەکان بۆ وەرگرتنی مافەکانی خۆیان بچووکدەبنەوە، نیشاندانی مرۆڤ بە بچووکی لەبەرئەوەی دەیەوێت دەستی بە شتە سادەکانی ژیاندا بگات، ئەوە فەلسەفەی دەسەڵاتی کوردییە. لێرە مرۆڤ زەلیلدەکرێت بۆ ئەوەی دڵۆپێك لە مافە سرووشتیی‌و سادەکانی وەرگرێت. فەلسەفەی سیاسیی ئەم دەسەڵاتەی ئەمڕۆ حوکمدەکات، ئەوەیە: مرۆڤ گەر بەشێك لە مافەکانی خۆی وەرگرت دەبێت هەست بە گوناه و قەرزاربارییکات. لە کۆمەڵگەی وادا پێگەی گەنج دەبێت چی بێت؟ کۆی سیستمەکە لەسەر بچووککردنەوەی مرۆڤ ئیشدەکات، لەسەر چاندنی هەستکردن بە گوناه و بچووکیی، لەسەر بەردەبارانکردنی مرۆڤ و وەك سەگ تەماشاکردن‌و گوو دەرخوواردانی. ئێستا لە کوردستاندا ئامێرێك دەگەڕێت، ئامێرێکی ترسناك کە ئامێری نزم‌و ناچیزکردنی مرۆڤە، ئامێری گۆڕینی مرۆڤە بۆ کۆیلەی شتە هەرە سادەو بچووکەکان. نابێت پرسیار لە چارەنووسی گەنج لە پرسیار دەربارەی چارەنووسی مرۆڤ لەم کۆمەڵگەیەدا جیابکەینەوە، ئەوە هەڵەیەکی ترسناك‌و ستراتیژییە. هەڵبەت کێشەی گەنج تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام لە کێشەی گێڕانەوەی مرۆڤ بۆ دۆخی کۆیلەیەتی لەم کۆمەڵگەیەدا جیانابێتەوە.... چۆن مافی خۆت وەردەگریت. بێئەوەی بهێڵیت دەسەڵات هەست بە سەرکەوتن‌و گەورەیی بکات؟ ئەمە پرسیاری گەورەی کۆمەڵگای ئێمەیە. چۆن مافی خۆت وەردەگریت، بێئەوەی دەسەڵات

---

**"لە کۆمەڵگای کوردی ئێستادا مرۆڤی کورد بوونەوەرێکی رووتکراوەیە لە ماف، مەخلووقێکی هەڵواسراوە لەبەردەم رەحمەت و مەکرەمەتی ئەرستۆکراتییەتێکی بێڕەحم و مرۆڤ نەناسدا. هەرکات مرۆڤ رۆڵی نەبوو لە دەستنیشانکردنی مافە بنەڕەتییەکانی خۆیدا، حیزب دەتوانێت سادەترین مافی خۆی وەك چەکێکی کوشندە دژی بەکاربهێنێت. ئێستا حیزب و ئەم ئەرستۆکراتییەتە ترسناکەی ئەمڕۆ حکومڕانن مافی خۆت وەك چەك دژی خۆت بەکاردەهێنن"**

---

هەستبکات توانیویەتی شتێکی ترت لێزەوتبکات؟ چۆن وەرگرتنی ماف دەکەیتە بەردی بناغەی گەشەکردنی مرۆڤەکەی ناوت؟ هیچ دەسەڵاتێك لەسەر زەوی ناتوانێت هەموو مافەکان لە هەموو خەڵك زەوتبکات، بەڵام میکانیزم‌و شێوەی رێکخستن‌و دەرخستن‌و پێدان‌و پێنەدانی ماف، ئەوەیە سرووشتی دەسەڵاتێك لەوی دیکەیان جیادەکاتەوە. دیکتاتۆرییەت ئەو سیستمەیە فێری سوپاسکردنی دەسەڵاتمان دەکات. عەقڵییەتی سوپاسکردنی دەسەڵات بەرەو بەربەرییەتمان دەباتەوە، بەرەو عەقڵیەتی کڕنووش، بەرەو



وێناکردنی دەسەڵات وەك خودایەك کە بە ڕەحمو گەورەیی خۆی شتمان پێدەبەخشێتو ئێمەش دەبێت ملکەچو شوکور بین. ئەم پەیوەندییە دینییەی نێوان خوداو مرۆڤ، دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کورد گواستوویانەتەوە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دەوڵەت، مرۆڤ و حیزب. بەعسیش بەهەمان شێوە کاریدەکرد، بەڵام بەعس زیاتر وێنەی خودایەکی ترسناكو تۆقێنەری دەدایە خۆی، دەسەڵاتی کوردی بە پێچەوانەوە وێنەی هێزێکی باڵا کە زۆر مەبەستێتی بچینە ژێر باڵیو شوکرانەی بکەین،

بەڵام دواجار کڕنووش لە ترسەوە بێت یاخود لە سوپاسو منەتبارییەوە بێت هەر کڕنووشە. بەعس لەسەر ئەو هاوکێشەیە ئیشیدەکرد کە ئێمە مافمان نییە، ئەوەی وەریدەگرین لە بەخشندەیی سەرۆكو فەرماندارە سیاسییەکانە، دەسەڵاتی کوردی ئەم وێنەیە زۆر سەرپەڕانە دەگوازێتەوە.

وێناکردنی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی بێماف کە حیزبو سەرکردەکانی کەرەمدەکەنو شتێکی پێدەبەخشن، ئەوە جەوهەری دەسەڵاتی کوردییە. دینەمۆی ئیشکردنو وزەی ژیانو مانەوەیەتی، ئەوەی لەم هاوکێشەیە تێنەگات لە دەسەڵاتی کوردی تێنەگەیشتووە. لێرەوە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا بەو هەڵوێستگیرییە پاسیڤو ناکاراو گەمژانەیە نابێت کە هەندێك خەڵك دەیگرنە بەر، بەوەی دەستبەرداری مافی خۆت بیت، داوای مافی خۆت نەکەیت، نەبا دواتر ناچاربیت سوپاسگوزاری دەسەڵات بیت، ئەم دەردە بەجۆرێکی تاعوونئاسا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا برەویسەندووە. دەبێت تێبگەین شەڕکردن لەگەڵ دەسەڵاتدا دەبێت لەسەر چەمکی ماف

**"لەسەرەتاوە تا کۆتایی گەنجان لە وڵاتی ئێمەدا دەبێت یەك هونەر فێربن، ئەویش چۆن سوپاسی دەسەڵات نەکەن، تێبگەن هەر پێگەیەك و هەر هەقێك بەدەستیدەهێنن سەندنەوەی بەشێکی زەوتکراوی مافەکانی خۆیانە. پاشەڕۆژی گەنج بەوەوە بەستراوە تێبگات دەسەڵات ماف نادات، بەڵکو دەیخوات"**

ڕاوەستابێت، ئەوکەسەی پشتدەکاتە مافەکانی خۆی، شەڕی بۆ ناکات، لەناو دەسەڵاتدا بێت یاخود لە دەرەوەی دەسەڵات وەك یەکە، لە دواجاردا کۆیلەی دەسەڵاتە. کۆیلەی دەسەڵات ئەوانەن شەرمدەکەن داوای لانیکەمی مافە سرووشتیو ئاساییەکانی خۆیان بکەن. بەلای منەوە گرنگ نییە ئەو شەڕە، شەڕێکی دەستەجەمعیی یان فەردییە، گرنگ ئەوەیە هەبێت، دەبێت گەنجان ڕۆژانە لە شوێنی خۆیانەوە ئەو نیگاکردنە بۆ ماف پیادەبکەن. دەبێت فشار بخەنە سەر دەوڵەتو کۆمەڵگا. ئەوەی بۆ دەستکەوتنی مافەکانی سوپاسی دەسەڵات دەکات، کەسێکە زاهیدانە دەست لە مافەکانیشی بەردەداتو خۆشحاڵانە دەبێت بە کۆیلە. هەر کەسێك بەرامبەر هەقێکی سرووشتیی خۆی سوپاسی دەسەڵاتی کرد، ئەو هەقەی کە دۆڕاندوویەتی لەوە گەورەترە کە دەستیکەوتووە. چۆن گەنجێك بۆئەوەی دڵداریبکات پێویستی بەوە نییە سوپاسی دەسەڵات بکات، ئەوا بۆ وەرگرتنی هیچ شتێکی تریش پێویستی بەوە نییە سوپاسی دەسەڵات بکات. لەسەرەتاوە تا کۆتایی گەنجان لە وڵاتی ئێمەدا دەبێت یەك هونەر فێربن، ئەویش چۆن سوپاسی دەسەڵات نەکەن، تێبگەن هەر پێگەیەكو هەر هەقێك بەدەستیدەهێنن سەندنەوەی بەشێکی زەوتکراوی مافەکانی خۆیانە. پاشەڕۆژی گەنج بەوەوە بەستراوە تێبگات دەسەڵات ماف نادات، بەڵکو دەیخوات، کە داشی دەیەوێت لەسەر حسابی زەوتکردنی مافێکی تر بێت، لەسەر حسابی بچووکردنەوەی مرۆڤ بێت، لێرەوە کۆڵنەدانو پشوونەدان لە دەستکەوتنی مافدا دەبێت ستراتیژی ئیشی ئەم نەوەیە بێت. هەموو سەندنێکی ڕاستەقینەی ماف، دەبێت بە بچووکبوونەوەی دەسەڵات کۆتاییبێت، نەوەك بە بچووکبوونەوەی مرۆڤەکانی ناو ناخمان.